# ژن لە نێوان نەریت و سیاسەتدا

**(بە بۆنەی کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنی کورد – هەولێر)**



نیگار عینایەتی

گەلی کورد بە هەموو شێوەیەک، لە رووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری.. لە ژێر گوشار و پەلاماری دەوڵەتانی سەردەست دایە و لەنێوان حاشالێکران و توانەوەدا خۆڕاگری دەکا. ئەم گەلە بە هەموو چین و توێژەکانییەوە بە درێژایی مێژوو ژیانی بەخت کردووە و بە سەرنجدان بە هەموو داکەوتن و هەستانەوەکانی، گەیشتۆتە ئاستێک لە بەخۆداچوونەوە. لە خەبات و خۆڕاگرییەکاندا ژنی کورد شان بەشانی پیاو بەربەرەکانیی کردووە و شەهیدی داوە و ئێستاش لە ریزی پێشەوەی بەرخۆدان دایە بە دژی داگیرکارانی کوردستان. بەڵام ژن لەهەمانکاتدا کە بۆ پاراستنی نەتەوە و خاکەکەی تێدەکۆشێ و فیداکاریی دەکا، هاوکات خەباتێکی دیکەشی لەسەر رێیە ئەویش راستەوخۆ بەرۆکی کۆمەڵگای خۆی دەگرێتەوە و دژ بە ستەمی کۆمەڵگاش خەبات دەکا. بە واتایەکی دیکە، ژن لەچاو پیاو دوجار خەبات دەکا و دو جار تێدەکۆشێ بۆ مانەوە. جارێک شان بەشانی پیاو دژ بە ستەمی نەتەوایەتی بۆ پاراستنی گەلەکەی و جارێکیشیان دژ بە ستەمی کۆمەڵگای پیاوسالاریی تێکۆشان دەکا. ئەگەر چاوێک بە مێژوودا بخشێنین، دەبینین کە لە قۆناغێکدا کە هێشتا کۆمەڵگاکان گەورە نەبوونەتەوە و ئایینی جۆراوجۆر سەریان هەڵنەداوە ژن خاوەنی پێگەیەکی تایبەت و مەزن بووە. بە پێی بەڵگە و شوێنەوارەکان ژن لە پێنج هەزار ساڵ پێش زایینەوە لە وڵاتی میزۆپۆتامیا بەرێوەبەری زۆر بەشی کۆمەڵگا وەکو سیستمی ئێکۆلۆژیکی ببووە و بە ئاستی خودایی گەیشتووە، واتە بۆتە خواژن. "ئیشتار" مەزنترین خواژن (خودای ئەوین و شەڕ) حاکم و بەڕێوەبەری کۆمەڵگا بووە، بەڵام رەوتی مێژوو ئەو هێزەی ژنانی لە گۆڕ نا و تا بە ئێستا ئەوانی وەکو کۆیلە هێشتۆتەوە. بەڵام بۆ جارێکی دیکە هەنگاوەکانی ژنان وەگەڕ کەوتوون و هەوڵ دەدا لە ژێر ستەمی پیاوسالاریی کۆمەڵگا و چەوساندنەوە، لە رووی ئایینی و ئابووری و سیاسی و داب و نەریتەوە خۆی رزگار بکا و بە شوێنی شایانی خۆی بگات.

بە سەرنجدان بەو ئاستەنگییانە، ئەم پرسیارە بەردەوام ئامادەیە کە پێگەی ژنی کورد لە کوێی سیاسەتی گەلەکەیدایە؟ تاکەی ژن دیلی خواست و فرمانەکانی پیاو دەبێت؟

لە کوردستاندا، عادەتی نیشاندانی نایەکسانیی ژن و پیاو بەتەواویی سێبەری بە سەر هەموو بوارەکاندا کێشاوە و کەڵکی خراپ لە جیاوازییە سروشتییەکانی ژن و پیاو وەرگیراوە. هەروەها بە کەمهێزدانانی ژن لەبەرامبەر پیاودا، ژنی لە مەیدانی سیاسەت و کۆمەڵگا بە قازانجی پیاوان دوور خستۆتەوە و دەرەنجامەکەی ئەوە بووە کە ژنان بە گشتی لە پێگە و شوێنە گرینگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی وەکو دادوەری، بەرپرسی ناوەندی سیاسیی کاریگەر و شوێنە ئاکادیمییەکان و زۆر لایەنی دیکە بێبەشن و ئەو شوێنانەی کە ژنانیش لە ئێستادا رۆڵی تێدا دەبینن بە پێی پێویست نەبووە.

دووربوونی ژنان له به‌شدارییکردنی سیاسی و کۆمه‌لایه‌تی و کولتووری و ... وه‌کو نیوه‌ی کۆمه‌ڵ و هه‌روه‌ها به سه‌رنجدان به گه‌شه‌کردنی وشیاریی ژنان و هه‌ستکردن به چه‌وسانه‌وه و هه‌ڵاواردنیان له لایه‌ن کۆمه‌ڵگای پیاوسالارییه‌وه، ژنانی هان داوه که خۆیان کار بکه‌ن بۆ چاره‌سه‌رکردنی گرفته‌کانی سه‌ر رێیان. بۆ نموونه دروستبوونی چه‌ندین رێکخراوه‌ی ژنان له هه‌موو پارچه‌کانی کوردستان، پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونه‌وه و کۆنفرانس. ئه‌گه‌رچی تا ئیستا له ئاستی پێویستدا نه‌بووه به‌ڵام بوونه‌ته سازبوونی ته‌ڤگه‌رێکی خاوه‌ن پێگه و خه‌ریکه ده‌بنه ده‌نگی بڕیارده‌ر و به‌شداریکردنیان له پرسه نه‌ته‌وه‌یی و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کاندا.

## "کۆنفرانسی نه‌ته‌وه‌یی ژنی کورد / هه‌ولێر" وه‌ک نموونه



له‌و ده‌رفه‌ت و هه‌له ناسکه‌ی که به گشتی کوردستانی پێدا تێپه‌ڕده‌بێ، پێکهێنانی کۆنفرانسێکی له‌م جۆره، چ له ئاستی نه‌ته‌وه‌یی و چ له ئاستی کۆمه‌ڵایه‌تیدا ده‌سکه‌وتێکی مێژووییه که وه‌کو سه‌ره‌تایه‌ک به‌شێک له نوێنه‌رانی هه‌موو پارچه‌کانی کوردستانی تێدا کۆبوونه‌وه. هه‌روه‌ها به سه‌رنجدان به پرس و کێشه‌کانی ژن له کۆمه‌ڵگای پیاوسالاری هه‌ر چوارپارچه‌ی کوردستاندا، ده‌کرێ ببێته هه‌نگاوێک بۆ کارکردن دژ به‌و سته‌مانه‌ی که له ژن ده‌کرێ.

سه‌بارە‌ت به پرسی سیاسیی کورد له ناوچه‌که‌دا، داگیرکه‌ران و دوژمنانی گه‌لی کورد، به‌تایبه‌تیی ده‌وڵه‌تانی تورکیا و ئێران به هه‌ستیارییه‌وه له کۆنفرانسه‌که‌یان ده‌ڕوانی، سه‌یر نییه که له کۆنفرانسه‌که‌دا راسپێردراوان و سیخوڕانی ئه‌و ده‌وڵه‌تانه هه‌بووبن. ته‌نانه‌ت له میدیاکانیاندا زۆر به وردی به‌دوای رۆژه‌ڤی کۆنفرانسه‌وه بوون و به شێوه‌یه‌کی گه‌ڵاڵه‌کراو هێرشی مێدیاییان کرده سه‌ری. هه‌موو هه‌وڵی ئه‌وان تێکدانی کۆنفرانسه‌که بوو، ئه‌ویش به به‌شداریی نه‌کردنی لایه‌نه‌کان و رێکخراوه‌کانی ژنان له هه‌ر چوارپارچه‌ی کوردستاندا، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌م کۆنفرانسه له ئاستی نه‌ته‌وه‌ییدا له ماوه‌یه‌کی که‌م پاش کۆنفرانسی نه‌ته‌وه‌یی لاوان به‌ڕێوه‌چوو و هه‌نگاوێکی به‌ره‌و پێشه بۆ کۆنفرانسی نه‌ته‌وه‌یی.

له رووی بابه‌تییه‌وه، کۆنفرانسه‌که جیدیبوونێکی تایبه‌تیی هه‌بوو، یانی به‌ربه‌رچدانه‌وه‌ی خواسته‌کانی ده‌وڵه‌تانی سه‌رده‌ست بوو که ده‌یانویست کۆنفرانسه‌که سه‌رنه‌که‌وێت، له لایه‌کی دیکه‌شه‌وه ئه‌زموونێک بوو که بۆ یه‌که‌م جار به‌شێکی زۆر له لایه‌نه‌کان به بیر و تێڕوانینی جیاوازه‌وه به‌شداربوون. له رۆژه‌کانی یه‌که‌مدا که‌شوهه‌وای دیالۆگه‌کان به‌راده‌یه‌ک جیدی و گه‌رم بوو که هه‌ر لایه‌ن و نوێنه‌ری فکرێک به جیدی له سه‌ر بۆچوونی خۆی سه‌باره‌ت به پرسه‌کان پێداگریی ده‌کرد، به‌ڵام له رۆژه‌کانی دواتردا به دیالۆگ و دانوستانی فکریی، که‌شوهه‌واکه هێورتر بۆوه. ئه‌مه‌ش بوو به هه‌ڵگری په‌یامێکی گرینگ که ده‌کرێ ببێته ئه‌زموونێکی باش و زیاتر هه‌تا پتر په‌ره بدرێ به کولتووری دیالۆگ به شێوازێکی دیموکراتیانه.

له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هه‌نگاوه‌کان سه‌ره‌تان، بێگومان هیچ کارێکی جیدی بێ که‌موکورتی نابێت و بۆ باشتر به‌ڕێوه‌چوونی کار و چالاکییه‌کانی داهاتوو پێویسته خاڵه لاوازه‌کانی کۆنفرانس ده‌ستنیشان بکرێن و کار بکرێ بۆ چاره‌سه‌رکردنیان و هه‌روه‌ها لایه‌نه به هێزه‌کانی کۆنفرانس به‌هێزتر بکرێن و په‌ره‌یان پێبدرێت. بۆ ئه‌و مه‌به‌سته لێره‌دا به‌شێک له خه‌ساره‌کانی کۆنفرانسی دووه‌می ژن

دەستنیشان دەکەم کە دەکرێ وەبەرچاوبگیرێن و بۆ کۆنفرانسەکانی داهاتوو، بەتایبەتی کۆنفرانسی نەتەوەیی چارەسەر بکرێن کە بۆتە خواست و رۆژەڤی هەموو کوردێک.

## خەسارناسیی کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنی کورد – هەولێر

- **کێشەی بابەتیی**

پرسێکی گرینگی وەکو پرسی ژن لە کۆمەڵگای ئێستای کوردستاندا کە رۆژانە هەواڵی کوژران و ئەشکەنجەدران و ئازاری جنسی و ... بڵاو دەبێتەوە و دەیبیستین، پێویستە ببێتە تەوەری گرینگ لە ژیانی رۆژانە، بەتایبەتی ئەگەر دانیشتنێک یان کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە پرسەکانی ژن لەئارادابێ پێویستە هەموو هەل و دەرفەت و بوارەکانی بۆ تەرخان بکرێ.



هەوڵدان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر پرسی ژنان، بەبێ وەبەرچاوگرتنی چوارچێوەیەکی تیۆریکی دیاریکراو، دەبێتە هۆی لاوازیی لێکۆلینەوە و ئامار و دەرەنجامەکانیشی ناتوانێت لێکدانەوەیەکی رێکوپێک و جێمتمانە سەبارەت بە توندوتیژیی دژ بە ژنان و هۆکارەکانی ئەو توندوتیژییە بە دەستەوە بدا.
کاتێ سەرنج بدەینە ناوەرۆکی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە پرسی ژن، لە کۆنفرانسەکەدا زۆر بەکەمی باسی پرسی ژن کرا و بۆشاییەکی تەواو چ لە باری زانستی و چ لە باری لێکۆڵینەییەوە دیار بوو.
نەبوونی بابەتی لێکۆڵینەوەیی و زانستی لە سەر پرسەکانی ژن، بۆ نموونە سەبارەت بە باوترین حاڵەت لە کۆمەڵگادا کە باسی توندوتیژییە دژ بە ژن، بە هەموو جۆرەکانی توندوتیژیی دەروونی، جەستەیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، جنسی و هەروەها لەبەردەستدا نەبوونی فاکت و داتا، وەکو ئاماری کوژران و ئاماری توندوتیژی لەبەرامبەر ژندا یان ئاماری کوژرانی ژنانی کورد لە ئوروپا بەتەواویی هەست پێکرا، واتە لێکۆڵینەوەیەکی جیدی لەسەر پرسەکاندا نەبوو.

- **کێشەی تێکنیکی**

هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنان ئەزموونێکی سەرەتایە و دیارە کە ئەزموونی سەرەتاییش کەموکوڕیی دەبێ. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە کە خودی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانس بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا بابەتێکی نوێ نییە و تا ئێستا سەدان کۆنفرانس لەم شێوەیە بەڕێوەچووە. واتە لە رووی تێکنیکییەوە دەبوو لە ئاستێکی باڵادا بوایە. کەچی چ لە رووی شێوازی دەستنیشانکردنی نوێنەران و ئامادەکاران و چ لە رووی رێکخستنی شێوەی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسدا، لاوازیی و بێئەزموونی تەواو دیار بوو.

ئەو کەسانەی کە بابەتیان بۆ خوێندنەوە هەبوو، دوو سەعات پێش لەوەی بابەتەکەیان پێشکەش بکەن، لە لایەن گروپی ئامادەکارەوە ئاگادار دەکرانەوە کە بابەت دەخوێننەوە. بۆنموونە، نوێنەری ڕێکخراوی دژی توندوتیژیی بۆ سەر ژنان، دوو سەعات پێش پێشکەشکردنی بابەتەکەی ئاگادار کراوەتەوە، کە پێویست بوو لەوێدا ئامار و داتا و فاکت بێنێتەوە لەسەر بابەتەکەی بەڵام فریا نەکەوت. تەنانەت ئەو کەسانەی کە بەڕێوەبەری کۆنفرانسەکە بوون، پاش ئەوەی کە هاتبوونە ئەوێ، پێیان ڕاگەیاندرابوو کە پانێل بەڕێوەبەرن. ئەو کەسانەشی کە بۆ بەڕێوەبردنی پانێل دەستنیشان دەکران لە ڕووی سەلیقەییەوە بوو نەک پسپۆڕی و ئەزموون. شەخسێک دەسەڵاتی خۆی دادەسەپاند کە ئاخێوەر و بەڕێوەبەران کێ بن. یان لەسەر هاتوچۆ و بێ دیسیپلینی، لە کاتی کۆنفرانسەکەدا ئەو کەسانەی کە بابەتیان پێشکەش دەکرد، پاش پێشکەشکردنی بابەتەکەیان هۆڵەکەیان بەجێدەهێشت، تەنانەت پێش ئەوەی پرسیارێکیان لێبکرێ هۆڵی کۆنفرانسیان بەجێدەهێشت و دەڕۆیشتن، بە بیانووی ئەوەی کە کاری دیکەیان هەیە.



خاڵێکی گرینگی دیکە کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبکرێ، سەربەخۆیی کۆنفرانسەکە هەم لە ڕووی ئابووری و هەم لە ڕووی سیاسییەوە لە ژێر پرسیاردابوو . بۆ نموونە کە سوپاسی کەسایەتییەک یان باسی بودجەی ئەو کۆنفرانسە دەکرێ ئاشکرا دەبێ کە ئەندامانی گروپی ئامادەکارچوونەتە لای دەسەڵاتدارەکان وەک شەخس نەک حکومەت و داوایان لێکراوە بودجەی کۆنفرانسەکە دابین بکەن. سەربەخۆیی ماڵیی گرینگە ئەگەر سەربەخۆیی ماڵیت نەبوو واتە سەربەخۆیی فکریش دەکەوێتە ژێر گومانەوە. نەبوونی سەربەخۆیی ماڵیی پەیامێکە کە کۆنفرانس و هەموو کۆبوونەوەیەکی دەرەوەی حیزبی ملکچی بڕیارەکانی دەرەوەی خۆی دەکا. ئەوان خاوەنی بودجەن و ئاساییە کە چاوەڕوانیشیان لە کۆنفرانسەکە دەبێ. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بۆ دەبێ ڕێبەرێک یان بەرپرسێک یان چەند کەسایەتییەک دەسەڵات و هێزی دابینکردنی بودجەی کۆنفرانسێکی نەتەوەییان هەبێ بەڵام حکومەت لە غیابدا بێ؟!

هەمان شەخسە دەسەڵاتدارەکان کە بودجە بۆ کۆنفرانسەکە دیاری دەکەن بەڵام ژنەکانی خۆیان نەهاتنە نێو کۆنفرانسەکەوە بەشدار نەبوون. بۆ نموونە سەرنجم بۆ لای خانمەکەی بەڕێز مەسعود بارزانی و هێرۆخانم ژنی سەرۆککۆماری ئێراقە کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان کۆنفرانسەکە دەبەسترێت بەڵام یان ئیزنیان بە ژنەکانیان نەداوە لە کۆنفرانسەکەدا بەشداریی بکەن یان ئەوەی مەبەستێکی سیاسی / حیزبی لە پشت بووە. بەتایبەتی هێرۆخانم چ لەڕووی پلەی حیزبییەوە و چ وەکو ژنێکی دیار، لە نێو کۆنفرانسێکدا کە لە باشوور دەگیرێت بۆ بەشداریی ناکا!

بۆیە پێویستە بۆ کۆنفرانسی داهاتووی ژنان لایەنی ماڵیی بەتەواویی یەکلایی بکرێتەوە و هیچ جۆرە یارمەتییەک لە لەدەرەوەی کۆنفرانس وەرنەگیرێت، ژنان بە هەر شێوەیەک بێ بۆخۆیان باری ماڵیەکەی بەڕێوەبردنی کۆنفرانس یان هەر ئەرکێکی کە لە سەر شانیانە دابین بکەن و سەربەخۆیی ماڵیی بکەنە پرەنسیپی ئەرک و کارەکانیان.

## • پێکهاتەی گروپی ئامادەکار و ئەرکەکانی

لە نێو گروپی ئامادەکاردا نوێنەری هەرچوارپارچەی کوردستان و ئوروپا هەبوون، بەڵام ئەوانەی کە بەشداری گروپی ئامادەکار بوون زۆربەیان سەر بە حیزبەکان بوون و یان ئەوەی پێشتر ئەندامی رەسمیی رێکخراوێکی سیاسیی بوون و کەمبوونی کەسی پسپۆڕ و ئاکادیمی و سەربەخۆ لە نێو گروپی ئامادەکاردا بە تەواویی هەست پێکرا. خاڵێکی جێ سەرنجی دیکە ئەوە بوو کە گروپی ئامادەکار زۆربەیان خەڵکی باشووری کوردستان بوون، نوێنەری بەشەکانی دیکەی کوردستان لە نێو گروپی ئامادەکاردا کەم بوون کە ئەمەش بووە هۆی پرسیارێکی جیدی لە کۆنفرانسەکە.




سەبارەت بە ئەرک و کارەکان، کۆمیتەی ئامادەکار ئەرکێتی کە پەیرەو پرۆگرامەکان، پێشنیارەکان گەڵاڵە بکات و کۆیان بکاتەوە. پرۆژە پێشنیاریش پێشکەشی کۆنفرانس بکا، بەڵام لێرەدا لە لایەن شەخسەکانەوە کار کرابوو یان کەسانی دیکە هێندێک بڕیاریان دابوو کە بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ئامادەکار هەر ئاگاشیان لێنەبووە. بۆنموونە لە پێشدا رێککەوتوون کە 186 نوێنەر لە کۆنفرانسەکەدا بەشدار بن و بەرەشمیش راگەیاندرا، بەڵام 210 کەس لە کاتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکەدا ئاشکرا دەکرێ، ئیدی ئەو کەسانە لە کوێوە هاتوون و چۆن هاتوون کەس ئاگای لێنەبووە.

## • پێکهاتەی ئەندامانی بەشدار

ئەوەی کە لەم کۆنفرانسەدا سەبارەت بە ئەندامانی بەشدار بیندرا، هەرکام لە لایەنەکان کەسانی خۆیان بە کۆنفرانس ناساندبوو و پێوستبوو لە ئاستێکی بەرفراواندا کەسی سەربەخۆ و شارەزا کە قورساییەکی کاریگەری لەنێو کۆمەڵگادا هەبێ بەشدار بێ. بەشێک لە ئامادەکاران و بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەکە هەستیان بەو پێوستییە نەکردبوو کە ئاکادیمیسیەن و لێکۆڵەر شوێنی تایبەتیان پێبدرێ، بۆیە ئەو رێژە کەمە لە کەسانی ئاکادامیست و لێکۆڵەریش نەیانتوانی ببنە قورساییەک لە کۆنفرانسەکەدا کە هۆیەکەی بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونی رێژەی ئەوان و بەشێکی دیکەشی لایەنگریکردنی ئەوان بوو لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو، بەواتایەکی دیکە ناسەربەخۆبوونی ئەوان بەسەر زانستیبوونی کەسایەتیاندا زاڵ بوو.
بۆیە بۆ کۆنفرانسی داهاتوو پێویستە نوێنەری ژنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەشدار بن. لە ژنێکی نەخوێندەواری ناو ماڵەوە بگرە هاتە دەگاتە ئاکادیمیست و توێژەرێکی بواری ژنان. پێویستە ژنەکانی سەر بە هەموو بیر و باوەڕێک و هەموو حیزب و لایەن و کەسایەتیە ژنە سەربەخۆکانی تێدابێ. پێویستە بە شێوازێکی دیموکراتیک لە حیزبێکی گەورەوە بگرە هەتا دەگاتە حیزبێکی چکۆلە، هەمووی بە رادەیەک و بە شێوەی یەکسان ئەندامیان هەبێ. ئەمانە هەمووی پێوەرێکن کە پێویستە وەبەرچاو بگیرێت.

## • ڕاسپاردەکانی کۆنفڕانسی دووەم بۆ کۆنفڕانسی سێهەم

سەرەڕای هەموو کەموکورتییەکانی دووەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنی کورد لە هەولێر، هێندێک پێشنیار و ڕاسپاردەی جێی سەرنج دران کە دەکرێ دەسپێکێکی متمانەبەخش بێ بۆ هەنگاونان بەرەو چارەسەرکردنی کێشە و پرسە گرینگەکانی بەتایبەت لە سەر ژنان. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکرێ کە پێم وایە دەبێ لەمەوبەدوا هەوڵ بکرێن و ببنە ڕۆژەڤی کارەکانی.



لە کۆنفڕانسی نەتەوەیی ژنی کورد – هەولێردا پێشنیاری دامەزرانی ناوەندێک کرا کە نوێنەری ژنی هەر چوارپارچەی کوردستان و دەرەوەی کوردستانی تێدابێ، بۆ ئەوەی لەسەر کێشەی ژن لە ئاستی کوردستانی گەورەدا کار بکات. ئەو ناوەندە لە باشووری کوردستان دەبێ هەتا ئەو کاتەی کە پارچەکانی دیکەش ڕزگار دەبن. ئەوکات ئەو ناوەندە دەتوانێ نوێنەرایەتی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و ئورووپاش دابنێ. لە کارە گرینگەکانی ئەو ناوەندە، لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی ژن، هەڵویستگرتن لەسەر پرسە نەتەوەییەکان دەبێ.
لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە پێشنیاری ئەو ناوەندە لە لایەن خاتوو "نەرمین عوسمان"ەوە کرا و تەنانەت پەیڕەو و پرۆگرامی ئەو ناوەندە "نەرمین عوسمان" بەتەنیا نوسیویەتی، ئەگەرچی وەکو پێشنیار جێی پەسندە، بەڵام کارێکی ئاوا گرینگ و دامەزراندنی ناوەندێکی لەمجۆرە کە گشتگیر بێت و لە ئاستی هەر چوارپارچەی کوردستان و ئورووپادا کار بکا پێویستە لێژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزای بۆ هەڵبژێردرێت و پەیرەو و پرۆگرامی بۆ دابنرێت.

## • دەرەنجام

بە کورتی، بە سەرنجدان بە خەسار و ئاریشەکانی کۆنفڕانسی نەتەوەیی ژنی کورد، هەروەها ئەو دەسکەوتانەی کە وەکو تیۆرێک و لە سەر کاغەز هەیبووە، بە بۆچوونی من لە کۆنفڕانسی یەکەم (ئامەد) و دووەمدا نیشاندرا کە ژنی کورد پێشەنگایەتی یەکێتی نەتەوەیی گەلی کوردیان کردووە و بە شێوازێکی پێشکەوتوانەوە و بە فکرێکی نەتەوەییانەوە توانیویانە لەسەر بابەتێکی نەتەوەیی و پرسی ژن دیالۆگ بکەن و بیر و ڕا بگۆڕنەوە.

ڕاستە باسی بەشی هەرەزۆری پرسەکانی ژن نەکراوە، بەڵام هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا ئەم کۆنفڕانسە بە گشتی کۆنفرانسێکی سەرکەوتوو بووە و هەروەها نیشانیدا کە توانای ئەوەی هەیە کۆنفڕانسەکانی داهاتوودا باشتر بکرێت و ئاستی لێکۆڵینەوەکان زانستیانە بکرێت و لەسەر پرسەکانی ژن و هەروەها بە پێشخستنی ژنۆلۆژیی لە نێو کۆمەڵگادا، شیکردنەوەی ورد بکرێت

لەسەر کەسایەتی و فکری ژن و ئاستەنگییەکانی داب و نەریت و ئایین و هەروەها پەیوەندیی ژن بە ئابووری و پرسەکانی یەکسانیی ژن و پیاو.
کۆنفرانسێکی لەم جۆرە جیدیبوونێکی هەیە و لێرەدا یەکەم هەنگاوێکە کە ئێمە دەتوانین هەڵیبگرین. کۆنفرانس ناتوانێ هەموو کێشەکان دەستنیشان بکا، ناتوانێ چارەسەریی هەموو کێشەکانی ژن بکات، بەڵکو کۆنفرانس دەسپێکێکە بۆ ئەوەی کێشەکان بناسرێن، لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ و چارەسەرییان بۆ بدۆزرێتەوە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کار بکرێ، بۆیە ئەم هەنگاونانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژن وەکو دەرنجامێک بۆ سەرکەوتنی کۆنفرانسە.
کۆنفرانس لە سەرەتایدایە. لەبەرئەوەی دەرەنجام و کارکردن بۆ پراکتیکردنی راسپێردراوەکانی کۆنفرانس گرینگن و بە کردەوەبوونیان دەبێتە دەسپێکی کۆنفرانس. پیویستە ژن لە ئاکادیمیەکاندا خۆی پەروەدە بکا و باشتر کەسایەتیی خۆی بناسێ کە ئەوەش خاڵێکە لە پێشنیارەکانی رێزدار "ئوجالان" بۆ ژن.
پێویستە هەر ژنێکی خۆی بە خاوەنی ئەو کۆنفرانسە دەزانێ، بۆ باشتر بەڕێوەچوونی راسپێردراوەکانی کۆنفرانس و هەروەها چاککردنی کەموکورتییەکان لێپرسینەوە لەو کۆنفرانسە بکا. تەنانەت ئەو ژنەی کە خوێندەواریی نییە و منداڵداریی دەکا، مافی ئەوەی هەیە لێپرسینەوە لەو کۆنفرانسە و هەموو کۆبوونەوە و بابەتەکانی دیکە بکا. مافی ئەوەی هەیە کە بزانێ دەرەنجامی کۆنفرانسەکە بە کوێ گەیشتووە، مافی ئەوەی هەیە کە بپرسێ تا ئیستا چ هەنگاوگەلێک نراون.

لە کۆتاییدا پێوستە ئاماژە بەوە بکرێ، یەکگرتوویی ژنان بە واتای ئەوە نییە کە روانینە جیاوازە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەوان یەک ئاراستەی هەبێت و لە ژێر یەک فەرمان دابێ بەڵکوو سەرەڕای پاراستنی فکری و ئیدیۆلۆژیکی جیاواز، زیاتر هاودەنگیی ئەوانە بۆ جێگیرکردنی یەکسانی و مافی یەکسان لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگا. هەروەها هاوخەباتیی ژنانە دژ بە هەڵاواردنی جنسی. بێگومان فکر و تێڕوانینی جیاواز لە ناو بزووتنەوەکانی کۆمەڵگادا هەیە و ئەم جیاوازییانە نابێ ببنە رێگر و لەمپەر لەسەر رێی بزووتنەوەی رزگاریی خوازییدا. لە بزووتنەوەکانی ژناندا ستراتیژیی جیاواز بەدی دەکرێ، بەڵام ئایندەیەکی هاوشێوە دەبینن. لەو بزووتنەوانەدا ژنانی سیکۆلار، ئایینی و نوێخواز و سوونەتیی ئەگەرچی لایەنگری رەوتێکی سیاسیی جیاواز یان خاوەنی تێڕوانینی سیاسیی جیاواز بن، بەڵام پێوستە شان بەشانی یەکتری لە بەرامبەر ناوەندەکانی پاراستنیی دەسەڵاتداراندا رادەوەستن. هاتنە مەیدانی ژنان لە تەواوی بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریدا تێروانینی ئایینی و کولتووری داخراو کە ژن بە پلەی نزم دادەبێ هەڵدەوەشێنێتەوە. یانی ئازادیی گەل و نەتەوە گرێدراوە بە رزگاریی ژن وەکو نیوەی کۆمەڵ و هێزی بنیاتنەر لە کۆمەڵگای چەوسێنەردا.. بە واتایەکی دیکە ژنی ئازاد دەتوانێ لە هەمانکاتدا کە پێگەی شیاوی خۆی بەدەست دێنێ، ئازادیی و ئارامی بۆ نەتەوە و کۆمەلگاکەی بگەڕێنێتەوە.

***

نیگار عینایەتی
5.6.2012